**FREDRIKSTAD KOMMUNE**

## زانیاری پێویست بۆ دایکان و باوکان کە منداڵی کەمنەتەوایەتیان هەیە لە باخچەی منداڵان.

# بەخێربێن بۆ باخچەی منداڵان





## دانانی منداڵ و بردنەوەی لە باخچەی

مداڵان. زۆرگرنگە کە ئاگادری مامۆستاکان بکرێت لە کاتی دانانی منداڵ وە بردنەوەی دوای تەواو بوونی لە باخچەی منداڵان.هەروەها ئاگادری مامۆستاکان دەکرێت کاتێک کەسێکیتر منالەکان دەباتەوە. ئەگەر هەر پرسیارێک یان شتێکی گرنگ هەبوو دەتوانن کە لەگەڵ مامۆستاکان گفتوگۆ بکەن زۆرگرنگە بۆ ئەوەی لە نزیکەوە ئاگاداری منداڵەکانتانبن .

.

## جێگە وەرگرتن لە باخچەی منداڵان

.

هەرکاتێک منداڵ جێگە وەردەگرێت لە باخچەی منداڵان ئەوا دەتوانێت بەردەوام بێت تا کاتی دەست کردن بە قوتابخانە٠

## دەست پێکردن.

ئێوە نامەیەکتان پێدەگات کەبەرواری(تەئریخی)دەستپێکردن و ئەو بەشەی کە تیایدا بەردەوام دەبێت کاتێک دەست پێدەکات. زۆرگرنگە یەکەم ڕۆژەکانی دەست پێکردن یەکێک لە بەخێوکەرانی منداڵەکە لەگەڵ منداڵەکەبن بۆ دڵنیای و ڕاهاتنی منداڵەکە. زۆرێک لە خاوەن کارەکان مۆڵەت دەدەن بۆ ئەم ڕۆژە ،ئەوە دەبێت خۆتان هەوڵی بۆبدەن کە بە مووچەی تەواوە دەبێت.ئێوە دەتوانن لەگەڵ مامۆستاکانی باخچە ڕێکەوون کە کەی منداڵەکە بەجێ بهێڵن .هەروەها منداڵەکە دەتوانێت یاریەک یان مەمکە مژە بێنێت بۆ ئارامی و ڕاهاتنی لە یەکەم ڕۆژەکانی دەست پێکردنی. هەروەها باخچەی منداڵان زۆر لای گرنگە کە ئێوە چیتان بۆ گرنگە کە باسی بکەن دەربارەی منداڵەکانتان.



## ئامادەنەبون(غائب)یان پشوو وەرگرتن.

زۆرگرنگە کە باخچەی منداڵان ئاگاداربکرێتەوە لە نەهاتنی منداڵ جا بەهۆی نەخۆشی بێت یان وەرگرتنی پشوەوەبێت.هەموو منداڵێک لە هاویندا پشوی دەبێت. کاتێک منداڵ نەخۆشە پێویستە لە ماڵەوەبێت،گەر لە باخچەی منداڵان نەخۆش کەوت پەیوەندی بە بە خێوکەرەکانەوە دەکرێت .

Språk åpner dører

## جەژنی لەدایک بونی منداڵ

هەموو باخچەی منداڵێک یادی لەدایک بوون بۆ منداڵ دەکەنەوە. ئەم یادکردنەوەیە لە باخچەیەک بۆ باخچەیەکیتر دەگۆرێت لە شکڵ و شێوەی یادکردنەوەکەدا.

## وەرگێڕ(موتەرجیم)

بۆ ئەو خێزانانەی پێویستیان بە وەرگێڕ(موتەرجیم)هەبێت دەتوانرێت بۆیان بانگبکرێت بۆ باخچە بۆ یارمەتیدانی تێگەشتنیان.لە سەرەتادا وابەباش دەزانین کە وەرگێڕ(موتەرجیم)ئامادەبێت بۆ باشتر لە یەکتر تێگەشتنی نێوان باخچەو دایک و باوکان.

## بەرنامەی کاری باخچەی منداڵان

هەموو باخچەیەکی منداڵان بەرنامەی کاری ساڵانەی تایبەت بەخۆی هەیە کە دایک و باوکان نمونەیەکی لێوەردەگرن.بەرنامەکە باس لە ڕێگەوشوێنی گونجاو دەکات بۆ پێدانی منداڵ ئەمان وخۆش بەختی و ئاگالێبوون وفێربوونی تەواو لە کاتی بوونی منداڵ لە باخچەی منداڵاندا. هەموو باخچەیەک کادری شارەزاو پسپۆری تێدایە بۆ پێشکەش کردنی باشترین شێوەی فێرکردن.

## پێداویستی بۆ منداڵ جل وبەرگ

منداڵەکان و گەورەکان زۆر کات دەچنە دەرەوە بۆیە منداڵ دەبێت جلی گونجاوی هەبێت بۆ هەموو جۆرە کەش و هەوایەک. هەموو منداڵێک شوێنێکی تایبەتی بۆ دیاری دەکرێت کە جل و پێداویستیەکانی خۆی لێدابنێت.ئەم شوێنە دەبێت بەخێوکەران خۆیان ڕێکوپێکی ڕابگرن.دایک وەباوکان دەبێت هەوڵ بدەن ئاگاداری جل وبەرگی پێوستبن بۆ کەشە جیاوازەکان. گرنگە کە ئەم جۆرە جل وبەرگانە لە شوێنی منالەکاندا ئامادەبکرێت؛ جلی ژێرەوە،دەرپێ،پانتۆڵ،گۆرەوی،بلوسی ژێرەوە هەروەها دابیی(پۆشاک)گەر منداڵەکە پێویستی پێیبوو.جلێکی تەنک کە زۆربەی کەشەکان بتوانرێت لەبەربکرێت وە جلی باران و جزمە. بۆ زستان دەبێت بەدلەی ئەستور کە بۆ سەرمای توند بەرگەبگرێت،دەستکێش، ملپێچ،کڵاو ،پێڵاوی زستانە،جلی ژێرەوەی خوری وە جلی فلیس(جۆرێک جلە کە بۆ سەرمای زۆر بەکار دەهێنرێت).





## پێڵاوی بەکار هێنانی ژورەوە

.

هەموو منداڵێک دەبێت پێڵاوی ژورەوەی هەبێت وەک پێڵاوی تەنک یان نەعل. هەموو پێداویستیەکانی منالەکان دەبێت نیشان بکرێت بە ناونوسین لە سەر جل وبەرگەکان.

## ژەمەکانی خواردن لە باخچەی منداڵان

خواردن لە باخچەی منداڵان زۆر بەسودە کەمترین ڕێژەی شەکر بەمنداڵ دەدرێت وە هەوڵ دەدرێت کە بشترین و پرسودترین خواردن بە منداڵەکان بدرێت.داواکارین لە دایک و باوکان کە منداڵەکان کەمترین شەربەت و جۆرەکانی کێکیان پێبدرێت کە سودی بۆ منداڵەکان نیە.

## زانیاری دەربارەی باخچەی منداڵان لەفرێدریکستاد؛

زۆربەی باخچەکانی منداڵان سایتی خۆیان هەیە لە ئەنتەرنێت. بۆ زانیاری زیاتر دەتوانن لە ئەنتەرنێت بگەڕێن بۆ پەیداکردنی

http://www.fredrikstad.kommune.no



Produsert av:
**Senter for flerspråklige barn og unge (FBU) med tillatelse fra Sandnes kommune.**